

# زانیاری بۆ کەسانی پەناخواز

سەبارەت بە ڕێکارەکانی پەناخوازی لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی جنگ، دۆخی بەپەلە یان ڕژێمی بەڕێوەبردنی کارەساتدا.

SORANI

**تۆ داوای پەنابەرێتیت، ئانکو پلانت هەیە بو داواکردنی پەنابەری دەکەی، لە لیتوانیا کردووە، و ئیدعا دەکەیت کە بەهۆی مەترسی چەوساندنەوە یان شەڕ یان توندوتیژی ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی رەسەنی خۆت. لەو ساتەی کە داوای پەنابەری دەکەیت، تۆ بە پەناخواز هەژمار دەکرێیت. پەناخوازبوون مافی دیاریکراوت پێ دەبەخشێت و ناچارت دەکات پابەندی ئەو مەرجانە بیت کە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری لیتوانیا و یاساکانی تردا دیاری کراون. بە هۆی زۆربوونی کۆچبەران لە لیتوانیا، ئەم وڵاتە ئێستا لە بارودۆخی بەپەلەدایە، هەر بۆیە ئەم ڕێنماییە زانیاریی گرنگت پێ دەدات سەبارەت بە ڕێکارەکانی پەنابەری لە ئەگەری بارودۆخی نائاسایی، دۆخی بەپەلە، یان ڕژێمی بەڕێوەبردنی کارەساتدا.**

**گرنگ: زانیاریەکانی نێو ئەم برۆشالە بەپێی یاسای پەیوەندیدار ئامادە کراوە. مومکینە یاسا و ڕێساکان بە تێپەڕبوونی کات هەموار بکرێنەوە یان پێیان زیاد بکرێت. ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە لە یەکێک لە کارمەندەکانی فەرمانگەی کۆچبەری یان پارێزەرێک بپرسە، ئەو دەتوانێت دەربارەی ڕێکارەکانی پەنابەری و مافەکانت و ئەرکەکانت زانیاریی زیاترت پێ بدات.**

## چۆن و لە کوێ دەتوانم داوای پەنابەری بکەم؟

لە بارودۆخی نائاسایی، دۆخی بەپەلە یان ڕژێمی بەڕێوەبردنی کارەساتدا دەتوانیت لەم شوێنانە داوای پەنابەری بکەیت:

١) لە بازگەکانی سنوور یان لە ناوچەکانی ترانزیت - لای خزمەتی پاسەوانی سنووری دەوڵەت؛

٢) لە قەڵەمڕەویی کۆماری لیتوانیا، لای فەرمانگەی کۆچبەری یان لە خزمەتکوزاری پاساوانی سنووری دەولەت؛

٣) لە وڵاتێکی بیانی – لە سەفارەتی لیتوانیا لە وڵاتی بیلاروسیا.

بوون لە سنووری لیتوانیا (٥ کم لە قووڵایی خاکی کۆماری لیتوانیا لە سەر سنووری دەولەتەوە) دوای ئەوە بە شێوەیەکی نایاسایی سنووری دەوڵەتی تێپەڕاند، بە خاکی لیتوانیتا نادەنرێت. لە سەر ئەم بنەمایە، خزمەتگوزاری پاسەوانی سنوورو دەولەت لەوانەیە داواکاری پەنابەرێتەکەت قبوڵ نەکات، تەنها مەگەر ئەمە بسەلمێنیت کە تۆ لە وەلاتەکی ململانێیەکی چەکداری هاتیتە لیتوانتا، لەبەر ئەگەرەکانی چەوساندنەوە، یان هەوڵ دەدەیت بۆ مەبەستی مرۆایەتی بچیتە ناو خاکی کۆماری لیتوانیا.

فۆرمی داوای پەنابەری بهخۆڕاییە و دەبێت داواکە حوزووری بدرێت بە بەرپرسان یان دەبێت ئەندامێکی گەورەساڵی خێزان بە نوێنەرایەتی ئەندامانی منداڵی خێزان بیداتە ئەوان. تۆ دەتوانیت بە نووسین یان زارەکی داوای پەنابەریی بکەیت بەڵام بۆ دەوڵەت گرنگە تۆ هۆی سەرەکی داواکردنی پەنابەری و وردەکاریەکانت، ناو، ڕۆژی لەدایکبوونت بڵێیت، و هەر بەڵگەنامەیەک کە هەتبێت ڕادەستیان بکەیت  کە لە بەر چی تۆ ناتوانیت بگەڕێتەوە بو وڵاتی رەسەنی خۆت.

## کۆدی ILTU چی یە؟

دوای تۆمارکردنی داواکاری پەنابەریت، کارتی تۆمارکردنی بییانیت پێدەدرێت. لەم کارتەکەدا لە ژمارەی ٨ وە، کۆدی تایبەتیت (ل-ی-یو) یە، لە یازدە ژمارا وە پێکدێت. ئەمە کۆدێ تایبەتی تە یارمەتی دەدات بۆ دۆزینەوەی زانیارییەکەت لە سیستەمی زانیاریدا. ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ ئیدارەی پەنابەری یان خزمەتگووزاری پاساونای پاراستنی سینووری دەولەت دەکەیت، تکایە کۆدی ILTU لە داواکارییەکەدا نیشان بدەی. ئەگەر هێشتا کارتی تۆمارکردنی بیانیت نییە و کۆدی ILTU خۆت نازانی، تکایە ناوەکەت، بەرواری لەدایکبوون و هاوڵاتیبوونت لە داواکارییەکەتدا بنووسە و/یان کۆپیەکی (وێنەی) دۆکیومێنتەکەت هاوپێچ بکە.



## کێ بەرپرسی هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەریی تۆیە؟

داواکردنی پەنابەری لە لیتوانیا هەمیشە بەو مانایە نیە کە داوای پەنابەریی تۆ لە لیتوانیا جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر ئەندامانی خێزانەکەت - هاوسەرەکەت، منداڵە بچووکەکانت، ئەگەر خۆت منداڵیت دایک یان باوکت - لە وڵاتێکی تری یەکێتی ئەورووپا دەژین یان ئەگەر تۆ لە وڵاتێکی تری یەکێتی ئەورووپا کە لەوێ داوای پەنابەریت کردووە هاتبێتیت بۆ لیتوانیا یان ئەگەر پێشتر ڤیزا یان مۆڵەتی نیشتەجێبوونی ئەو وڵاتەت هەبێت لەوانەیە ئەو وڵاتەی یەکێتی ئەورووپا بەرپرسیار بێت لە هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەریت. لەم حاڵەتەدا لەوانەیە فەرمانگەی کۆچبەری بڕیار بدات داوای پەنابەریی تۆ جێبەجێ نەکات یان داوای پەنابەریت بگوازێتەوە بۆ وڵاتێکی تری یەکێتی ئەورووپا کە بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی داواکەت. گرنگە کە زوو و بە بێ دواخستن زانیاری دەربارەی ئەندامانی خێزانەکەت کە لە وڵاتێکی تری یەکێتی ئەورووپا دەژین بدەیت بۆ ئەوەی کە پێش ئەوەی یەکەم بڕیار لەسەر داوای پەنابەریت بدرێت پرۆسەی دیاریکردنی وڵاتی بەرپرسیار لە دۆسیەی پەنابەریی تۆ تەواو بکرێت.

ئەگەر ئەندامانی تری خێزانەکەت لە وڵاتێکی تری یەکێتی ئەورووپا نیشتەجێ بن، دەبێت ڕەزامەندیەکی نووسراو بۆ یەکگرتنەوەی خێزان لە لایەن تۆ و ئەندامانی تری خێزانەکەت ڕادەست بکرێت بە فەرمانگەی کۆچبەری، بۆ ئەوەی کە ئەو وڵاتەی تری یەکێتی ئەورووپا کە بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی داوای پەنابەریت دیاری بکرێت.

ئەگەر دەرکەوێت کە داوای پەنابەریی تۆ هەر دەبێ لە لیتوانیا لێک بدرێتەوە، فەرمانگەی کۆچبەری داوای پەنابەریی تۆ هەڵدەسەنگێنێت.

## کەی و چۆن دەتوانم هۆکانی داوای پەنابەریم لە لیتوانیا، ڕوون بکەمەوە؟

کاتێک داوای پەنابەری دەکەیت، پسپۆڕێک یان ئەفسەرێک چاوپێکەوتنێکی سەرەتایی ڕێک دەخات، تەواوی بەڵگەنامەکانت وەردەگرێت، وێنەت لێ دەگرێت و پەنجەمۆرت وەردەگرێت. ئامانجی ئەم دیمانەیە کۆکردنەوەی زانیاریە لەبارەی تۆ و ئەو ئەندامانەی خێزانەکەت کە لەگەڵت هاتوون، ڕێگەی هاتن و گەیشتنتان، داتای پێویست بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە کام وڵات بەرپرسیارە لە لێکدانەوەی داوای پەنابەریتان، و پاساوی ئێوە بۆ داواکردنی پەنابەری.

بەرلە دەرکردنی بڕیاری پەنابەری، پسپۆڕێکی فەرمانگەی کۆچبەری چاوپێکەوتنێکی سەرەتایی ڕێک دەخات بۆ ئەوەی دەرفەتێکت پێ بدات بە وردی ڕوونی بکەیتەوە بۆچی داوای پەنابەریت کردووە و هەروەها هەندێ بەڵگەت پێ بدات سەلماندنی بیانووەکانت کە پێشتر دابینت نەکردوون. ئەم چاوپێکەوتنە نهێنی و تایبەتە و زانیاریەکانی ئاشکرا ناکرێن یان ناگوازرێنەوە بۆ دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئەسڵیت. فەرمانگەی کۆچبەری و دەسەڵاتە حکوومیەکانی تر و پارێزەرەکان و وەرگێڕانی زارەکی کە لەم پرۆسەی کۆچبەریەدا بەشدارن بەرپرسیارن کە زانیاریی نێو فایلی پەنابەری ئاشکرا نەکەن. هەموو ئەو زانیاریانەی کە تۆ ئەیدەیت بەو پسپۆڕە کە داوای پەنابەریی تۆ هەڵدەسەنگێنێت گرنگن بۆ ئەوەی کە دۆخی پەیوەندیدار بسەلمێنێت و بڕیار بدات کە ئایا پاساوەکانی داوای پەنابەرێتی تۆ لە گەڵ مەرجەکانی پەنابەریدا یەک دەگرن یان نە. لە ماوەی دیمانەکەدا:

- ڕوونی بکەوە کە لە وڵاتی خۆت تووشی چ مەترسیێک دەبیت و هۆی ئەم مەترسیگەلە چیە؛
- لەگەڵ کارمەندی کەیسی پەنابەری هاوکاری بکە و هەموو دۆخ و زانیاریەکان ئاشکرا بکە. ئەگەر تۆ بۆ سەلماندنی داوای پەنابەری خۆت بەشێوەی باوەڕپێکراو و واقعی هەوڵ بدەیت، فەرمانگەی کۆچبەری دەتوانێت بڕیارێکی یاسایی و ماقووڵ بدات.
- تکایە بە زووترین کات هەموو دۆکیومێنتەکانی بەردەست و بەڵگەکانی تر (بە فۆرمەتی ئەلکترۆنیشەوە) بۆ سەلماندنی ئیدعاکانت پێشکەش بکە. ئەگەر بەڵگەت لەگەڵ نییە کاتێک داواکاری پەنابەریت پێشکەش دەکەیت، بەڵام ئەگەری ئەوەت هەیە کە بەدەستی بهێنیت، ئەوا بە زووترین کات ئەوە بکە و پێشکەشی کارمەندی بەشی کۆچ یان ناوەندی نیشتەجێبوون بکە. ئەگەر دەتەوێت باس لەوە بکەیت کە چ جۆرە بەڵگەیەکت پێویستە بۆ پشتڕاستکردنەوەی داواکاری پەنابەریەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە پارێزەرانی خاچی سووری لیتوانیاوە (پەیوەندییەکان لە کۆتایی بڵاوکراوەکەدان).
- ئەگەر نەتوانیت دۆکیومێنت پێشکەش بکەیت فەرمانگەی کۆچبەری ئەو بارودۆخەی کە باست کردووە هەڵدەسەنگێنێت و لەوانەیە مافی پەنابەریت پێ بدات بە مەرجێک زانیاریەکانت ورد و تەواو بن و لەگەڵ ئەو زانیاریانە کە لە لایەن فەرمانگەی کۆچبەری کۆکراونەتەوە یەک بگرن.



- بەشداری بکە لە چاوپێکەوتنە پلانبۆدانراوەکاندا؛
- ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە، تکایە ئەو دۆخە ڕوون بکەوە کە باست کردووە.

ئەگەر لەگەڵ فەرمانگەی کۆچبەریی بەرپرسیار لە هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەریت هاوکاری نەکەی، لە چاوپێکەوتندا ئامادە نەبی، وڵامی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە نەدەیتەوە، زانیاری یان دۆکیومێنتە پەیوەندیدارەکان دابین نەکەیت، دۆکیومێنت و زانیاری هەڵە بدەیت یان ڕێگری لە هەڵسەنگاندنی کەیسی پەنابەریت بکەیت لەوانەیە لەبارەی جێباوەڕبوونت لای فەرمانگەی کۆچبەری گومانی ماقول درووست ببێت و فەرمانگە بڕیار بدات داوای پەنابەریر ڕەد بکاتەوە.

لە ماوەی چاوپێکەوتنی سەرەتایی/تۆمارکردن، ژمارەی تەلەفۆنەکەت و/یان ناونیشانی ئیمەیڵەکەت و/یان پەیوەندی هاوڕێکانت/ناسینەکانت کە لە لیتوانیا دەژین یان ئەو پەیوەندیانەی تر کە دەکرێت بەکاربهێنرێن بۆ پەیوەندیکردن بە تۆوە. ئەگەر وردەکاری پەیوەندیەکەت گۆڕاوە، بەشی کۆچ ئاگادار بکەرەوە لە ڕێگەی ئیمەیڵ **info@migracija.gov.lt**، یان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکە بەو پسپۆڕەی کە داواکاری پەنابەریت پشکنیوە (کۆدی ILTU ی خۆت نیشان بدە، کە یارمەتیت دەدات لە ناسینەوەت).

**ئایا وەرگێڕی زارەکی لە چاوپێکەوتنەکەمدا ئامادە دەبێت؟**

ئەگەر پێویست بێت، دەبێ وەرگێڕێکی زارەکی لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادە بێت. لە ماوەی دیمانەکەدا:

- دڵنیا ببە باش لە وەرگێڕە زارەکیەکە تێدەگەیت. ئەگەر لە وەرگێڕەکەت تێناگەیت حەتمەن بە بەڕێوبەری چاوپێکەوتنەکەت بڵێ.
- وەرگێڕەکە دەبێت تەنیا ئەو شتانە وەربگێڕێت کە تۆ و دیمانکارەکە دەیڵێن، نابێت ڕای خۆی پێ زیاد بکات.



### ئایا لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەمدا پارێزەرێک لەوێ دەبێت؟

تۆ مافی ئەوەت هەیە داوا بکەیت لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەتدا پارێزەرێک لەوێ بێت کە یارمەتی یاسایی دەستەبەرکراو لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ تۆ دابین بکات. ئەگەر ئەتەوێت لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەتدا پارێزەرێک لەوێ بێت، دەبێت بە پسپۆر یان ئەفسەری چاوپێکەوتنەکە بڵێت. هەروەها دەتوانیت داوا بکەیت پارێزەرێک لە چاوپێکەوتنەکەتدا بەشداری بکات، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لە پێشدا بە ئیمەیل داواکاریەک بنێری بۆ **teisines.paslaugos@migracija.gov.lt** (کاتێک بە ئیمەیل داواکاری دەنێریت، لە نێو ئیمەیلەکەدا کۆدی ILTU ی خۆت بنووسە بۆ ئەوەی بتناسنەوە) یان داواکاریەکەت بدەیتە دەستی ئەفسەر یان کارمەندی بەرپرسیار لەو ناوەندەی کە لەوێ نیشتەجێ کراویت.

تیمی یاسایی خاچی سووری لیتوانیا یارمەتی یاسایی و خۆڕایی دابین دەکات (ناونیشانی پەیوەندیی ئەوان لە کۆتایی ئەم یادداشتەدا نووسراوە).

بە بڕیاری خۆت و بە خەرجی خۆت دەتوانیت پارێزەرێکی یارمەتیی یاسایی بگریت کە لە چاوپێکەوتنەکەتدا ئامادە ببێت. ئەگەر دەتەوێت پارێزەرەکەت لە چاوپێکەوتنەکەتدا ئامادە بێت لە پێشدا بە فەرمانگەی کۆچبەری بڵێ.


بەشداریکردنی خۆت لە چاوپێکەوتنەکەتدا و داینی زانیاریی تەواو بە فەرمانگەی کۆچبەری سەبارەت بە هۆکانی داوای پەنابەریی تۆ گرنگ و ئەساسیە تەنانەت ئەگەر پارێزەریش لەوێ حازر بێت.



## ئایا دەکرێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەریدا لێکۆڵینەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت؟

ئەگەر هەرجۆرە گومانێک هەبێت دەربارەی تەمەنت یان پەیوەندیی خێزانەکەت لەگەڵ ئەو خزمانەتان کە هاتوونە لێرە لەگەڵ تۆ بژین یان ئێستا لە لیتوانیا دەژین، فەرمانگەی کۆچبەری لیتوانیا لەوانەیە پێشنیار بکات تێستی دیاریکردنی تەمەن یان تێستی دی.ئێن.ئەی (DNA) بدەیت. ئەم تێستانە تەنیا بە مەرجێک ئەنجام دەدرێن کە تۆ ڕازی بیت.

ئەگەر لەبەر توندوتیژیی جەستەیی داوای پەنابەریت کردبێت لەوانەیە فەرمانگەی کۆچبەری پێشنیار بکات بە ڕەزامەندی خۆت پشکنینی پزیشکیت بۆ بکرێت. ئەم پشکنینە گرنگە چون دتوانێت نیشانەکانی توندوتیژیی ڕابردوو پشتڕاست بکاتەوە. ئەگەر فەرمانگەی کۆچبەری پێشنیاری ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی نەکردبێت، بەڵام تۆ پێت وابێت کە ئەنجامدانی ئەم جۆرە پشکنینە دەتوانێت قسەکانت پشتڕاست بکاتەوە، تۆ ئەو مافەت هەیە کە خۆت بە خواست و خەرجی خۆت پشکنینی پزیشکی ئەنجام بدەیت و ئەنجامەکەی بدەیت بە فەرمانگەی کۆچبەری.



## کێ داوای پەنابەریی من هەڵدەسەنگێنێت و چۆن؟

فەرمانگەی کۆچبەری داوای پەنابەری هەڵدەسەنگێنێت. پێش ئەوەی هیچ بڕیارێک بدرێت لێکۆڵینەوەیەکی تەواو، سەبەخۆ و بێلایەنانە دەکرێت. لە ماوەی ئەم پرۆسەیەدا فەرمانگەی کۆچبەری ئەو زانیاریانە کە دابینیت کردووە هەڵدەسەنگێنێت و هەروەها دەربارەی ئەو دۆخانە کە لە نێو داوای پەنابەریتدا باست کردوون زانیاریی زیاتر کۆ دەکاتەوە. پاش کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست، فەرمانگەی کۆچبەری لێکدەداتەوە کە ئایا ئەو بارودۆخە کە سەلمێندراوە لەگەڵ مەرجەکانی کۆچبەری یەک دەگرن یان نە، پاشان بڕیارێکی نووسراو دەردەکات. فەرمانگەی کۆچبەری بە نامە تۆ لە بڕیاری خۆی سەبارەت بە کەیسەکەت ئاگادار دەکاتەوە. دەبێت لە ناو بڕیارەکەدا هۆی واقعی و یاسایی ئەم بڕیارە نووسرابێت و ئەگەر پێویست بێت لەبارەی چۆنیەتی داوای پێداچوونەوە کردن زانیاری درابێت.

دەتوانیت پێش، لە ماوەی، و پاش چاوپێکەوتنەکە دۆکیومێنت و بەڵگەی زۆرتر بدەیت بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیانە کە لە نێو داوای پەنابەریت نووسراوە بسەلمێنیت. دەتوانی بەڵگە و گەواهیەکان بە ئیمەیڵ بنێریت بۆ **info@migracija.gov.lt** (لە نێو ئیمەیلەکەدا کۆدی **ILTU** ی خۆت بنووسە بۆ ئەوەی بتناسنەوە). ئەگەر وردەکاری پەیوەندیکردنی ئەو کەسە دەزانیت کە بەرپرسیارە لە داواکاری پەنابەریت، دەتوانیت ڕاستەوخۆ بەڵگە بنێریت بۆ کارمەندە بەرپرسەکە.

## لێکدانەوەی داوای پەنابەری من چەنێک دەخایەنێت؟

داوای پەنابەری دەکرێ بە شێوەی گشتی یان بەپەلە لێک بدرێتەوە.

لەو ڕۆژەوە کە داوای پەنابەریت ڕاست دەکەیت، لە حاڵەتی بەپەلەدا پێویستە لە **10** ڕۆژی کاریدا داوای پەنابەریت هەڵسەنگێنن، بەڵام لە حاڵەتی گشتیدا دەبێت لە ماوەی **6** مانگدا لێکی بدەنەوە.

ئەگەر بڕیارێکت لەسەر داواکاری پەنابەریت لە کاتی خۆیدا پێنەگەیشتووە، پەیوەندی بکە بە بەشی کۆچ لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە **info@migracija.gov.lt** وەزارەتی کۆچ دەبێت زانیاریت پێ بدات دەربارەی ئەوەی کەی پلان بۆ دانراوە بۆ دەرکردنی بڕیارێک لە کەیسەکەتدا.

## بۆچی دەکرێت کۆتایی بە هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەری بهێنرێت؟

تۆ دەبێت لە کاتی لێکدانەوەی داوای پەنابەریت لە لیتوانیا بیت. ئەگەر لە کاتی هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەریت لە لیتوانیا بڕۆیتە دەرەوە یان ئەگەر لەبەر هۆکاری تر فەرمانگەی کۆچبەری نەتوانێت لە ماوەی 72 کاژێردا پەیوەندیت پێوە بکات لێکدانەوەی داوای پەنابەریت کۆتایی پێ دێت.

ئەگەر چاوەڕێی بڕیاری فەرمانگەی کۆچبەری نەبیت و لیتوانیا بە جێ بێڵیت و لە وڵاتێکی تری یەکێتی ئەورووپا داوای پەنابەری بکەیت، ئەو وڵاتە دەزانێت کە پەنجەمۆری تۆ لە لیتوانیا وەرگیراوە و لەوانەیە بتگەڕێنێتەوە بۆ لیتوانیا بۆ ئەوەی لێکدانەوەی داوای پەنابەریت لێرە تەواو بکرێت.

## کەی و چۆن دەتوانم لە داوای پەنابەریم پاشگەز ببمەوە؟

ئەگەر ئیتر نەتەوێت داوای پەنابەری لە لیتوانیا بکەیت، هەرکات بتەوێت دەتوانی لە داوای پەنابەریت پاشگەز ببیتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانیت داواکەت بە ئیمەیل بنێریت بۆ ئەم ئادرەسە **info@migracija.gov.lt** بۆ ئەوەی فەرمانگەی کۆچبەری ئاگادار بکەیتەوە. لەم حاڵەتەدا، وەزارەتی کۆچ بڕیارێک دەردەکات بۆ کۆتایی هێنان بە تاقیکردنەوەی داواکاریەکەت. ئەگەر، دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی پەنابەری، چیتر هیچ بنەمایەکی یاسایت نییە بۆ مانەوە لە لیتوانیا، وەزارەتی کۆچ ناچارت دەکات کە بەجێبهێڵێت یان بڕیاری گەڕانەوەی بەزۆر بۆ وڵاتەکەی خۆت دەر بکەیت.

## دوای هەڵسەنگاندنی کەیسێکی پەنابەری، فەرمانگەی کۆچبەری دەتوانێ چ بڕیارەک بدات؟

لیتوانیا دوو جۆری پەنابەری قەبووڵ دەکات: دۆخی پەنادراو، و پاراستنی لاوەکی.

• دەبێت دۆخی پەنادراو بە پەناخوازێک بدرێت کە بە هۆی ڕەگەز، ئایین، نەتەوە، ئەندامێتی گروپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی یان بیروباوەڕی سیاسی، لە دەرەوەی وڵاتی ئەسڵی خۆیەتی و ناتوانێت یان دەترسێت لە ئیمکانیاتی ئاسایش و پاراستنی وڵاتەکەی خۆی کەڵک وەبگرێت، یان ناسنامەی وڵاتی بیانیی مەبەستی نیە یان لە دەرەوەی ئەو وڵاتە دەژی کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاساییەتی بووە و ناتوانێت بگەڕێتەوە، یان بە هۆی ئەو هۆکارانەی سەرەوە دەترسێت کە بگەڕێتەوە.

• پاراستنی لاوەکی بە پەناخوازێک دەبەخشرێت کە لە دەرەوەی وڵاتی ئەسڵی خۆیەتی و ناتوانێت بگەڕێتەوە بە هۆی ترسێکی مەعقووڵ لەوەی کە: ١) تووشی ئەشکەنجە، هەڵسووکەوتی دڵڕەقانە، نامرۆڤانە یان ڕسواکەرانە یان سزادان دەبێت؛ ٢) ئەگەری لە سێدارەدان و کوشتنی هەیە؛ ٣) هەڕەشەیەکی جدی و شەخسی هەیە بۆ سەر ژیان، تەندروستی، سەلامەتی یان ئازادیی ئەو لە ئەنجامی توندوتیژی بێجیاوازیدانان لە ململانێیەکی چەکداری نێودەوڵەتی یان ناوخۆییدا.

هەروەها لەوانەیە فەرمانگەی کۆچبەری بڕیار بدات مافی پەنابەریت پێ نەدات. لەم حاڵەتەدا، ناچار دەبیت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی ئەسڵی خۆت. بەڵام، لە هەندێک حاڵەتدا ئەگەر مافی پەنابەری نەدرێت، دیسان ڕەنگە فەرمانگەی کۆچبەری مۆڵەتی نیشتەجێبوونی کاتی لە لیتوانیا بدات کە پەیوەندییکی نیە بە داینی مافی پەنابەریەوە. ئەم بڕیارە لە حاڵەتێکا دەدرێت کە پەناخوازەکە مەرجەکانی پەنابەریی نیە، بەڵام پەناخوزەکە مناڵێکی تەنیایە کە نانێردرێتەوە بۆ وڵاتێکی بیانی، پەناخوازەکە لەبەر هۆکاری مرۆیی ناتوانێت کۆماری لیتوانیا بە جێ بێڵێت (بۆ نموونە ناکرێت پەناخواز بنێردرێتەوە بۆ وڵاتێکی تر یان لە لیتوانیا دەربکرێت (بۆ نموونە لەبەر نەخۆشی))، یان ناکرێت پەناخوازەکە بنێردرێتەوە بۆ وڵاتێکی تر یان لە لیتوانیا دەربکرێت چون ئەمە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی پرەنسیپی نان-ڕیفۆلمان- **non-refoulement** (بۆ نموونە کاتێک کە بۆ فەرمانگەی کۆچبەری دەرکەوتووە کە ژیان یان ئازادیی پەناخوازەکە لە وڵاتی خۆی دەکەوێتە مەترسیەوە یان ڕەنگە ڕووبەڕووی ئەشکەنجە ببێتەوە).

کاتێک بڕیاری ڕەدکردنەوە یان داینی پەنابەریت دەردەکرێت، دەبێت بە زمانێک کە لێی تێدەگەیت لە بڕیارەکە ئاگادار بکرێیتەوە و کۆپییەکی بڕیارەکەت پێ بدرێت. دەبێت لە ناو بڕیارەکەدا هۆی واقعی و یاسایی ئەم بڕیارە نووسرابێت و ئەگەر پێویست بێت لەبارەی چۆنیەتی داوای پێداچوونەوە کردن زانیاری درابێت.

**ئەگەر من لە بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچبەری کە مافی پەنابەریان پێم نەداوە ڕازی نەبم دەتوانم چی بکەم؟**

ئەگەر فەرمانگەی کۆچبەری بڕیار بدات مافی پەنابەریت پێ نەدات تۆ دەتوانی داوای پێداچوونەوەی بڕیارەکە بکەیت. کاتێک بەرپرس یان ئەفسەرەکە تۆ لە بڕیارەکە ئاگادار دەکاتەوە، ئەگەر لە بڕیارەکەیان ناڕازیت تکایە بە ئەفسەرەکە یان کارمەندەکە یان بەشی بڕیاردەر بڵێ کە تۆ ناڕازیت و دەتەوێت داوای پێداچوونەوەی بڕیارەکە بکەی و دەتەوێت لە یارمەتیی یاسایی خۆڕایی دەستەبەرکراو لەم وڵاتە ئیستفادە بکەیت (بۆ نموونە یارمەتیی پارێزەرێک کە دەوڵەت کرێکەی دەدات بۆ مەبەستی داوای پێداچوونەوەی بڕیارەکە).
یارمەتی خۆڕایی دەستەبەرکراو لەلایەن دەوڵەت یانێ ئەوەی کە پارێزەرە کە تەرخان کراوە بۆت بەرپرسیارە نارەزایەتی تۆ بداتە دادگا و لە دانیشتنی دادگا نوێنەرایەتیی تۆ بکات.
هەروەها تۆ دەتوانیت بە خەرجی خۆت پارێزەرێک بگریت بۆ ئەوەی لە پرۆسەی داوای پێداچوونەوە دژی بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچبەریدا نوێنەرایەتیی تۆ بکات. لەم حاڵەتەدا، تۆ ناتوانیت یارمەتیی یاسایی دەستەبەرکراو لەلایەن دەوڵەت وەربگریت.

دەبێت لە ڕۆژی بڕیارەکەوە لە ماوەی **7** ڕۆژدا داوای پێداچوونەوە دژی بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچبەری بدەیتە دادگای ئیداریی ناوچەکە. چونکە زۆربەری کات کەیسەکانی پەنابەری لە دادگا بە شێوەی زارەکی دادگایی دەکرێن، تۆ ئەو دەرفەتەت هەیە لە دانیشتنەکەدا بەشدار بیت و ڕا و بۆچوونی خۆت بڵێیت. دادگا لەوانەیە بڕیار بدات کەیسی پەنابەریەکەت بنێرێتەوە بۆ فەرمانگەی کۆچبەری بۆ ئەوەی سەرلەونوێ هەڵیسەنگێنن یان داوای پێداچوونەوکەت ڕەد بکاتەوە.

ئەگەر دادگا داوای پێداچوونەوەکەت ڕەد بکاتەوە و تۆ لە بڕیارەکە ناڕازی بیت، لەو ماوەیەدا کە بڕیارەکەت پێ ڕادەگەیەنن، دەبێت بە ئەو پارێزەرە کە نوێنەرایەتیت دەکات و بڕیارەکە ڕادەگەیەنێت پێت بڵێیت کە لە بڕیارەکە ناڕازیت و دەتەوێت بۆ داوای پێداچوونەوەی بڕیارەکە لە یارمەتیی یاسایی دەستەبەرکراو لەلایەن دەوڵەتەوە کەڵک وەبگری. هەروەها دەتوانیت ئیمەیل بنێریت بۆ ئەم ئادرەسە **teisines.paslaugos@migracija.gov.lt**
و ئاگاداریان بکەیتەوە کە لە بڕیارەکە ناڕازیت و دەتەوێت لە یارمەتیی یاسایی دەستەبەرکراو لەلایەن دەولەت کەڵک وەربگریت (کاتێک بە ئیمەیل پەیوەندی دەکەیت، کودی **ILTU** ی خۆت بنووسە بۆ ئەوەی بتوانن بتناسنەوە). هەوەها تۆ دەتوانیت بە خەرجی خۆت پارێزەرێک بگریت بۆ ئەوەی لە پرۆسەی داوای پێداچوونەوە دژی بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچبەریدا نوێنەرایەتیی تۆ بکات. دەبێت لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە، لە ماوەی ١٤ ڕۆژدا داوای پێداچوونەوە بدرێتە دادگای باڵای ئیداریی لیتوانیا. ڕەنگە دادگای باڵای کارگێری لیتوانیا بڕیار بدات کەیسی پەنابەریەکەت بنێرێتەوە بۆ فەرمانگەی کۆچبەری بۆ ئەوەی سەرلەونوێ هەڵیسەنگێنن یان داوای پێداچوونەوکەت ڕەد بکاتەوە. ئەگەر داوای پێداچوونەوەت ڕەد بکرێتەوە، ئەوا بڕیاری کۆتایی دەبێت و ناتوانی دژی داوای پێداچوونەوە بکەیت. لەم حاڵەتەدا، تۆ دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی ئەسڵی خۆت.

دادگای ئیداری ناوچەکە دەبێت لە ماوەی ٢ مانگ دوای وەرگرتنی داوای پێداچوونەوە دانیشتنێک ڕێک بخات و بڕیاری خۆی بدات، و دادگای باڵای ئیداری لیتوانیا دەبێت لە ماوەی ١ مانگ دوای وەرگرتنی داوای پێداچوونەوە دانیشتنێک ڕێک بخات و بڕیارێک دەربکات.

هەگەر مافێ بکارێنانا خزمەتگوزاریا یاسایی یا بێبەرامبەر بو وە هاتە دان، مافێ پارێزەری ژ لایێ حکومەتێ ڤە، پێڤیست ناکەت پار (دراڤ) بدەیە وی/وێ پارێزەری. هەر کارەکێ تە

دێ بێ بەرمابەر مشینیت و داوای پارە ژ تە ناکەت. هەگەر پارێزەرێ ژ لایێ حکومەتێ ڤە بو وە هاتییە دەسنتیشانکری داوای پارە ژ وە بکەت، دایرا کۆچبەرێ ب رێکا ئیمەیلا خارێ ئاگاهدار بکەن: **tl.vog.ajicargim@ksenarp**



## بۆ چی و لە بەر چ شتێک ئازادی هاتووچووم سنووردارە؟

ئەگەر تۆ داوای مافی پەنابەریت کردووە لە خاڵی کۆنترۆڵی سنوور، ناوچەی گواستنەوە یان ناوچەی کۆماری لیتوانیا دوای ئەوەی بە شێوەیەکی نایاسایی سنووری دەوڵەتی تێپەڕاندووە، لەوانەیە ئازادی جووڵە سنووردار بکرێت؛ تەنها ئەگەر ئێدارەی پەنابەری بریاری قبول کردنت بدات بو ناو هەرێمی لیتوانیا. ئەگەر داوای پەنابەری لەژێر پرۆسەیەکی خێرادا چارەسەر بکرێت، ئەوا بریارێک لەسەر وەرگرتن لە کۆماری لیتوانیا نادرێت. ئەگەر بریاری وەرگرتن لە خاکی کۆماری لیتوانیا دەرنەکرا، ئەوا داواکارانی پەنابەری لە خاڵەکانی پشکنینی سنوور و خاڵەکانی کۆنترۆڵی سنوور یان ناوەندەکانی ژێر خزمەتگوزاری پاسەوانی سنووری دەوڵەت جێگیر دەکرێن بەبێ ئەوەی مافی گواستنەوەیان پێ بدرێت بە ئازادی لە خاکی کۆماری لیتوانیا.

ئەگەر ئازادی جووڵە سنووردار دەکرێت، دەبێت بریارێک وەربگریت کە ئازادی جووڵە سنووردار دەکات. ئەگەر بریارێکی لەو جۆرەت پێنەگەیشتووە، پەیوەندی بکە بە ئەفسەرێک یان کارمەندێکی دیکەی شوێنی نیشتەجێبوون، داوایان لێ بکە کە ئاشنات بکەن بەو بڕیارەی کە ئازادی جووڵە سنووردار دەکات. هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە پارێزەرانی کۆمەڵگەی خاچی سووری لیتوانیا (دەتوانرێت پەیوەندی لە کۆتایی ئەم پەڕەیەدا بدۆزرێتەوە).

ئەگەر ناوەندەکان خزمەتی پزیشکی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، خواردن و/ یان خزمەتە پێویستەکانی تر یان یارمەتی دەروونیت بۆ دابین نەکەن، لەوانەیە بە ئیزنی بەڕێوەبەری ناوەندەکە ڕێگەت پێ بدرێت بە شێوەی کاتی لە سەنتەرەکە برۆیتە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەم خزمەتانە وەربگریت یان خۆراک بکڕیت.



## ئەگەر من لە بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچبەری یان پاسەوانی سنوور لەبارەی سنووردارکردنی هاتووچووم ناڕازی بم، دەتوانم چی بکەم؟

**دەتوانیت لەو ڕۆژەوە کە بڕیاری سنووردارکردنی هاتووچووت دەرکراوە لە ماوەی 14 ڕۆژدا داوای پێداچوونەوەی بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچبەری یان پاسەوانی سنوور بکەیت.** تۆ ئەو مافەت هەیە بۆ داوای پێداچوونەوەی بڕیاری سنووردارکردنی هاتووچووت، بەخۆڕایی یارمەتیی یاسایی وەربگریت. ئەگەر دادگا سکاڵاکەتی ڕەت کردەوە، دەتوانی ببەیتە دادگای باڵای کارگێڕیی لیتوانیا بۆ ئەوەی لەوێ پێداچوونەوەی بکەن. دادگای باڵای کارگێڕیی لیتوانیا دەبێت لەو ڕۆژەوە کە داوای پێداچوونەوەی وەرگرتووە لە ماوەی ٠١ ڕۆژدا داوکە هەڵبسەنگێنێت و بڕیار بدات.

## لە چ حاڵەتێکدا دەتوانن دەستبەسەرم بکەن؟

دەکرێت بە فرمانی دادگا دەستبەسەر بکرێیت:

١) بۆ مەبەستی دەرخستنی ناسنامەت و وڵاتی ئەسلیت؛

٢) بۆ ئەوەی هۆکارەکانی داوای پەنابەری کردنت پشتراست بکرێنەوە (لەو حاڵەتانەدا کە بێ دەستبەسەرکردنی پەناخواز، زانیاری لەبارەی هۆکارەکان بە دەست نایێت)؛

٣) کاتێک کە بڕیاری گەڕاندنەوەی تۆ بۆ وڵاتی ڕەسەنت دەرکراوە و تۆ دووبارە و دووبارە داوای پەنابەری دەکەیت؛

٤) کاتیک کە بڕیار وایە بتگوازنەوە بۆ وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەورووپا کە بەرپرسیارە لە هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەریت و مەترسیەکی گەورە بۆ هەڵادان دیاری دەکرێت.

٥) کاتێک بوونت لە کۆماری لیتوانیا دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی وڵات یان ئاشتی و تەبایی گشتی.

**لەوانەیە دادگا بە جێگەی دەستبەسەرکردن ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بسەپێنێت:**

١) سەردانی زوو زووی فەرمانگەی کۆچبەری یان پاسەوانی سنووری دیاریکراو؛

٢) ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەی کۆچبەری یان پاسەوانی سنوور لە بارودۆخ و سەروشوێنی خۆت بە پێی پێویست و لە کاتی دیاریکراودا؛

٣) سپاردنی ئەرکی چاودێریکردنی پەناخواز بە هاوڵاتیەکی کۆماری لیتوانیا یان بیانییەک کە بە شێوەی یاسایی لە کۆماری لیتوانیا نیشتەجێ بووە، بەمەرجێک ئەو کەسە بەڵێنی دابێت کە ئاگای لە پەناخوازەکە بێت و ڕایبگرێت؛

٥) نیشتەجێبوون لە سەنتەرەکە بە بێ سنووردارکردنی هاتووچوو؛

٦) نیشتەجێبوون لە سەنتەرەکە، لەگەڵ هەبوونی مافی هاتووچوو تەنیا لە ناوچەی شوێنی نیشتەجێبوون.

ئەگەر کاتێک کە دەتەوێت بە تەنیا بژیت، داوا بکەیت بە جێگەی دەستبەسەرکردن شتێکی تر بسەپێنن، دەبێت بەڵگەگەلێک پێشکەش بکەیت کە بسەلمێنێت شوێنی ژیانت هەیە و دەتوانیت لەوێ بمێنیتەوە و پابەند دەبیت بە ڕێسا و ڕێکارە دیاریکراوەکان

## بۆ چ ماوەیەک دەتوانن دەستبەسەرم بکەن؟

بڕیاری دەستگیرکردن یان جێبەجێکردنی ڕێوشوێنێکی جێگرەوە بۆ دەستگیرکردن لەلایەن دادگاوە دەدرێت. زیندانیکردنی پەناخوازان دەبێت بە زووترین کات و لە شەش مانگ زیاتر نەبێت.

ئەگەر بیانیەکە هاوکاری نەکات بە ئامانجی گەڕاندنەوەی بۆ وڵاتەکەی خۆی (ڕەتی دەکاتەوە زانیاری کەسی پێشکەش بکات، زانیاری هەڵخەڵەتێنەر دابین بکات، هتد) یان بەڵگەنامەی پێویست بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بیانییە بەدەست نەهێنرێت، ئەوا ماوەی دەستگیرکردنەکە لەوانەیە درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەیەکی زیاتر کە لە ٢١ مانگ زیاتر نەبێت.

## ئایا دەتوانم دژی بڕیاری دادگا بۆ دەستبەسەرکردنم داوای پێداچوونەوە بکەم؟

دەتوانیت دژی بڕیاری دادگا بۆ دەستبەسەرکردن یان هەنگاوی جێگرەوەی دەستبەسەرکردن داوای پێداچوونەوە بدەیتە دادگای کارگێریی باڵای لیتوانیا. دادگای باڵای کارگێڕیی لیتوانیا دەبێت لەو ڕۆژەوە کە داوای پێداچوونەوەی وەرگرتووە لە ماوەی 10 ڕۆژدا داوکە هەڵبسەنگێنێت و بڕیار بدات.

ئەگەر تۆ دەستبەسەرکراویت و پێت وایە کە ئەو هۆکارەکانی دەسبەسەرکردنت ئیتر نەماون، ئەو مافەیشت هەیە کە لە دادگا داوا بکەیت پێداچوونەوەی فەرمانی دەستبەسەرکردنت بکات. کاتیک داوای پێداچوونەوەی بڕیاری دەستبەسەرکردنت دەکەیت، ئەو مافەت هەیە کە بەخۆڕایی یارمەتیی یاسایی وەربگریت.

## لە ماوەی هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەری مندا چ مافگەلێکم هەیە؟

وەک پەناخوازێک، تۆ لە کۆماری لیتوانیا ئەم مافانەی خوارەوەت هەیە:

١) سوودوەرگرتن لە مەرجەکانی پێشوازی مادی (شوێنی نیشتەجێبوون، خواردن و جلوبەرگ) لە کاتی نیشتەجێبوون لەو شوێنانەی کە لە لایەن دامەزراوەکانی کۆماری لیتوانیا دیاریکراون، شوێنەکانی دەستبەسەرکردن، و هەروەها خاڵەکانی کۆنترۆڵ لە سنوورەکان و ناوچەکانی ترانزیت؛

٢) وەرگرتنی زانیاری خۆڕایی لەبارەی مافەکانت و ئەرکەکانت و هەروەها پاشهاتەکانی پابەندنەبوونت بە ئەوان لە ماوەی هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەریتدا و هەروەها وەرگرتنی زانیاری پەیوەندیدار بە هەڵسەنگانسنی داوای پەنابەریت؛

٣) بەڕێوەبردن و بەفەرمیکردنی بەڵگە دادنووسیەکانی پەیوەندیدار بە هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەری؛

٤) کەڵک وەرگرتن لە یارمەتیی یاسایی دەستەبەرکراو لەلایەن دەوڵەتەوە؛

٥) وەرگرتنی قەرەبوو بۆ خەرجی بەکارهێنانی هاتووچووی گشتی لەو کاتانەی کە پەیوەندی هەیە بە هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەریت؛

٦) کەڵک وەرگرتن لە خزمەتی خۆڕایی وەرگێڕی زارەکی؛

٧) وەرگرتنی خۆڕایی چاودێریی پزیشکی، یارمەتیی دەروونی و خزمەتی کۆمەڵایەتیی پێویست لە سەنتەری تۆمارکردنی بیانیەکان یان سەنتەری وەرگرتنی پەنادراوان؛

٨) پێشکەشکردنی داواکاری بە نوێنەرانی کۆمیسیۆنەری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران و ئەو ڕێکخراوانەی تر کە یارمەتی یان ڕاوێژکاریی یاسایی تایبەت دابین دەکەن بۆ پەناخوازان، وە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوان بە شێوەیەکی نهێنیپارێزانە (لەوانە لە بازگە سنووریەکان یان ناوچەکانی ترانزیت)؛

٩) دوای دیاریکردنی تۆ وەکوو کەسێک کە لە دۆخێکی هەستیاردایت، سوودوەرگرتن لەو مەرجانەی وەرگرتن کە پێوداویستیە تایبەتیەکانت دابین دەکەن؛

١٠) پەناخوازانی منداڵ ئەو مافەیان هەیە کە ئەوپەڕی 3 مانگ دوای پێشکەشکردنی داوای پەنابەری بەبێ دواخستن بچنە خوێندن و لە بەرنامەکانی پەروەردەی گشتی یان پیشەیی بخوێنن.

١١) پەنابەر مافی کارکردنی دەبێت، ئەگەر فەرمانگەی کۆچبەری لە ماوەی 6 مانگ دوای ڕۆژی پێشکەشکردنی داوای پەنابەری، لەبارەی پێدانی مافی پەنابەری لە کۆماری لیتوانیا هیچ بڕیارێکی نەدابێت و هۆی ئەم دواکەوتنە هەڵەی پەناخوازەکەوە نەبێت.

ئەگەر بە هۆی هاتنەناوەوەی بەکۆمەڵی کەسانی بیانی، حاڵەتی باری نائاسایی، دۆخی بەپەلە یان ڕژێمی بەڕێوەبردنی کارەسات ڕابگەیەندرێت، ئەگەر لەبەر هۆکاری مەعقوول و گونجاو نەکرێت ئەو مافانەی پەناخوازان کە لەسەرەوە باس کراون دەستەبەر بکرێن، لەوانەیە ئەم مافانە بە شێوەیەکی کاتی و گونجاو سنووردار بکرێن. سەرەڕای ئەو سنوورانەی کە سەپێندراون، دەبێت پەناخواز هەمووکاتێک ئەو مافەی پارێزراو بێت کە پێداویستیە مادیەکان، پێداویستیە پزیشکیە ئەساسیەکان، و یارمەتی یاسایی دەستەبەرکراوی بۆ دابین بکرێت، و هەروەها ئەو کەسانەی کە باروردۆخیان هەستیارە، دەبێت هەمیشە بتوانن کەڵک لە ئەو مەرجانەی وەرگرتن وەربگرن کە لەگەڵ پێداویستیە تایبەتەکانی ئەوان دەگونجێن.

## لە ماوەی لێکدانەوەی داوای پەنابەریمدا چ بەرپرسیارەتیەکم هەیە؟

وەکوو مەناخوازێک تۆ ئەم ئەرکانەی خوارەوەت هەیە:

١) پابەندبوون بە دەستوور، یاساکان و ڕێساکانی تری کۆماری لیتوانیا.

٢) جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە کە بە بڕیاری فەرمانگەی کۆچبەری و دادگاوە بۆ پەناخواز دیاری دەکرێن؛

٣) ڕێگەدان بە ئەنجامدانی پشکنینی پزشکی؛

٤) دابینکردنی هەموو ئەو بەڵگانەی کە هەن و ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی داواکردنی پەنابەری، ناسنامەی پەناخواز و هەروەها چۆنیەتی هاتنەناو و مانەوە لە کۆماری لیتوانیا و هاوکاریکردن لەگەڵ بەرپرسانی حکوومی لە دەسەڵاتە شیاوەکان لە ماوەی لێکدانەوەی داوای پەنابەریدا.

٥) لە ماوەی دیمانە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتدارانە،

که داوای پەنابەریتیان وەرگرتووە، بە نووسراوی و ئازادانە ڕاگەیاندنی ئەو ئیمکانیات و دارایيانەی کە موڵکی کۆماری لیتوانیان و هەروەها بە نووسراوی و ئازادانە ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەی کۆچبەری لەبارەی ئەو پارانەی کە لە ماوەی هەبوونی مافی مانەوە لە کۆماری لیتوانیا وەرگیراون و بەجێهێنانی ئەم ئەرکە لە ماوەی سێ ڕۆژ دوای وەرگرتنیان؛

٦) دەستبەجێ و خێرا ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەی کۆچبەری لەبارەی گۆڕانکاریەکانی ناونیشانی نیشتەجێبوونت، کەمتر نەبێت لە ٣ ڕۆژی کارکردن، لە حاڵەتێکدا کە فەرمانگەی کۆچبەری بڕیار بدات کە بهێڵێت لە شوێنی دیاریکراو نیشتەجێ ببیت.

٧) ئەوەی کە لە ماوەی لێکدانەوەی داوای پەنابەریتدا، بێ مۆڵەتی فەرمانگەی کۆچبەری لە کۆماری لیتوانیا نەچیتە دەرەوە.

# زانیاریە گرنگەکانی پەیوەندی

**نووسینگەی ڕێکخراوی کۆچبەریی جیهانی (IOM) لە**
A. Jakšto g. 12, 01105 Vilnius
**تەلەفۆن:** +370 5 261 0115
**ئیمەیل:** iomvilnius@iom.lt
http://www.iom.lt

**ڕێکخراوی کۆچبەریی جیهانی یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە بە خواستی خۆیان دەگەڕێنەوە و ئەم یارمەتیانە بە پێی پێداویستیەکانی ئەو کەسە دابین دەکرێن و سەلامەت گەڕانەوەی دەستەبەر دەکەن. هەروەها ڕێکخراوی کۆچبەریی جیهانی یارمەتیی دووبارە دامەزرانەوە دابین دەکات بۆ ئەو کەسانە کە پێویستیان بە یارمەتیە بۆ ئەوەی لە وڵاتی ئەسڵیی خۆیان جێگیر ببنەوە..**

**کۆمەڵەی خاچی سووری لیوانیا**
Konstitucijos pr. 7A, Vilnius, mall Europa,
تابقێ ۳
http://www.redcross.lt
**کۆمەڵەی خاچی سووری لیوانیا یارمەتیی یاسایی و مرۆیی دابین دەکات و هەروەها یارمەتی دەدات بۆ دۆزینەوەی ئەندامانی خێزان و خزم و کەس.**

**شێورمەندی یاسایی:**
**تەلەفۆن:** +370 601 61 179
+370 672 32 469
**ئیمەیل:** legal@redcross.lt

**چاودێران:**

**ئیمەیل:** stebesena@redcross.lt

**بەدواداچوون و پەیوەندیکردنی ئەندامانی خێزان و کەس و کاران**
**تەلەفۆن:** +370 652 92 905
**ئیمەیل:** tracing@redcross.lt

**ڕێکخراوی خێرخوازیی کاریاتاس** Vilnius Archdiocese
Kalvarijų g. 39, Vilnius
**تەلەفۆن:** +370 673 24 225
**ئیمەیل:** kulturunamai@vilnius.caritas.lt
http://www.vilnius.caritas.lt

**فەرمانگەی کۆچبەری**
L. Sapiegos g. 1, 10312 Vilnius,
تەلەفۆن: 8 707 67000 or +370 5 271 7112
ئیمەیل: info@migracija.gov.lt
Teisines.paslaugos@migracija.gov.lt
http://www.migracija.lt

**ناوەندی وەرگرتنی پەنابەران** Pabradarė
Vilnius g. 100, 18177, Švenčionys,
**تەلەفۆن:** +370 387 53 401
**ئیمەیل:** urc.sekretore@vsat.vrm.lt

**ناوەندی وەرگرتنی پەنادراوان لە Rukla**
Rukla, Jonava, 55283, Karaliaus Mindaugo g. 18,
**تەلەفۆن:** +370 698 48776, +370 3 497 3377
**ئیمەیل:** centras@rppc.lt
http://www.rppc.lt

**ناوەندی وەرگرتنی پەنادراوان لە Naujininkai**
A. Jaroševičiaus str. 10B, Vilnius
**تەلەفۆن:** +370 679 41315 or +370 672 14051
**ئیمەیل:** naujininkai@rppc.lt

**ناوەندی وەرگرتنی بیانییان Girionys**

**تەلەفۆن:** +370 3 497 3377, +370 687 14640
**ئیمەیل:** centras@rppc.lt

**یارمەتیی یاسایی دەستەبەرکراو لەلایەن دەوڵەتەوە**
**ئیمەیل:** teisines.paslaugos@migracija.gov.lt

**نووسینگەی کۆمیسیۆنەری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) لە لیتوانیا**
A. Jakšto g. 12, 01105 Vilnius
**تەلەفۆن:** +370 5 210 74 16
**ئیمەیل:** kules@unhcr.org
http://www.unhcr.org./neu/lt
**نووسینگەی کۆمیسیۆنەری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران، لەبارەی پرۆسەی پەنابەری زانیاری و ئامۆژگاری دەدات بە پەناخوازان و پەنادراوان لە لیتوانیا و هەروەها ئەو یارمەتیانەی کە هەن دابین دەکات.**

ئەم کتێبۆکە زانیاری پوختەی تێدایە لەبارەی پرۆسەی داوای پەنابەری، ماف و ئەرکە سەرەکیەکانی پەناخواز، و پاشهاتەکانی پابەندنەبوونی پەناخواز بەم ئەرکانە. مەبەست لە ئامادەکردنی ئەم کتێبۆکە تەنیا دابینکردنی زانیاریە، و ئەم کتێبۆکە نابێتە هۆی درووستبوون یان لێکەوتنەوەی هیچ مافێک یان ئەرکێکی یاسایی. ئەگەر پێویستت بە ڕوونکردنەوەی زیاتری زانیاریەکانی ناو ئەم کتێبۆکەیە یان دەتەوێ لەبارەی هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەت زیاتر بزانیت، تکایە پەیوەندی بکە بە فەرمانگەی کۆچبەری. هەروەها، بۆ ئامۆژگاری زیاتر دەتوانیت لە ڕێگەی ئیمەیلی legal@redcross.lt
پەیوەندی بکەی بە تیمی یاسایی خاچی سووری لیتوانیاوە.